ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی سیدی ویندۆز تایبەت بەخۆت- ٢--.**

نووسەر: @:

دروست کردنی سیدی ویندۆز تایبەت بە خۆت- ٢-.
بەشی دووەمی بابەتی چۆنیەتی دروست کردنی سیدی ویندۆز XP تایبەت بە کۆمپیوتەرەکەی خۆت.
لە بەشی پێشوودا تا تێکەڵاوکردنی Service Pack ـەکان، شیم کردەوە، ئەم بەشەش بە بەردەوام بوون لەسەر بەشی ڕابردوو دەست پێدەکەم.
هەنگاوی پاش ئەوەی پێشوو ئەوەیە، کە Hotfixes تێکەڵاوی ویندۆزەکە بکەیت.




Hotfixes ئەو نوێکاریە تایبەتیانەن کە بۆ پرۆگرام یان وەگەڕخەری کۆمپیوتەرەکەت دروست کراون.
دەتوانی لە ڕێی Windows Upadate ـەوە ئەو Hotfix ـانەت دەست کەوێت.
Insert کرتە بکە و دواتر Hotfix ـەکان یەک بە یەک هەڵبژێرە. پاشان Next کرتە بکە.
ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە وەگەڕخەرەکانی کۆمپیوتەرەکەت تێکەڵاوی ئەو ویندۆزە بکەیت.
لە پێشدا پێویستە پاڵپشتێك لەو وەگەڕخەرانە دروست بکەیت. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانی وەك لەو بەستەرەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە، جێبەجێی بکەیت..
درووستکردنی پاڵپشت لە بۆ وەگەڕخەرەکانی کۆمپیوتەر.
پاش دروست کردنی پاڵپشت، بگەڕێوە بۆ nLite و لە پەنجەرەی تایبەت بە تێکەڵاوکردنی وەگەڕخەرەکاندا، Insert کرتە بکە و یەك بە یەك هەموو وەگەڕخەرەکان هەڵبژێرە. فۆرماتی ئەو پەڕگانەی کە هەڵیاندەبژێری inf ـن.




Next کرته بکه، پەنجەرەیەکی وەك ئەوەی داهاتوو دەکرێتەوە.




ئەو پەنجەرەیە ئاداگارت دەکاتەوە کە ئەو بەشانە پێویستن هەبن و سڕینەوەیان کارێکی چاك نیە، بۆیە دەتوانی لە ئێستاوە چالاکیان بکەیت و وایان لێبکەیت کە لە داهاتوودا نەسڕینەوە.
هیچ گۆڕانکاریەك بەجێ مەهێنە و OK کرتە بکە.




لەو هەنگاوەی وێنەی سەرەوە دا دەتوانی، بەشێك یان پرۆگرامێك لە ویندۆزەكەت بسڕیتەوە.
ئەوەی كە دەتەوێ بیسڕیتەوە دیاری بكە.
ئەو بەسانەی كە بەڕەنگی سوور دیاریكراون، باشتر وایە نەسڕینەوە، چوونكە لەوانەیە سڕینەوەیان ببێتە هۆی دروست كارنەكردنی بەشێكی دیكە.
Next كرتە بكە.




لە Information دا شتێکی گرنگ نیە و دەتوانی بەسەر ئەو بەشەدا بڕۆی بۆ بەشی General1/2.

بەم شێوەیە هەنگاوەکانی داهاتوو ڕێك دەخەی بۆ ئەوەی ویندۆز خۆی خۆی دابمەزرێنێت، واتە لە دەستپێکردنی دامەزراندنی خۆیەوە تا کۆتایی دەستکاری تۆی پێویست نابێت.

12: جۆری کۆمپیوتەر، باشتر وایە لەسەر Automatic بێت، بۆ ئەوەی لە کاتی دامەزراندنی ویندۆز دا، ویندۆز کێشەی بۆ نەخوولڨێ لە ناسینەوەی کۆمپیوتەردا.

13: گەر سی‌دی ویندۆزەکەت کلیلی هەیە، ئەواو لەوێ بینووسە.

14: ئەو بوخچانەی کە تایبەت بکرێن بۆ پرۆگرامەکان و پەڕگەکانی تایبەت بە سیستەم، باشتر وایە دەستکاری نەکرێن چوونکە لە زمانەکاندا جیاوازی هەیە.

15: بەشێوەی خۆکار وەك بەڕێوەبەر بچێتە ژوورەوە بۆ نێو ویندۆز.

16: شێوەی لیستەی Start وەك شێوەی کلاسیك لێ بکات.

17: هەروەها شێوازی ویندۆزیش.

18: داخستنی Hibernate.

Hibernate ئەو تایبەتمەندیەیە کە تۆ گەر لەسەر کۆمپیوتەرەکەت Hibernate ـتت چالاك کردبێت، ئەوا هەموو پرۆگرام و کاری کراوە لەسەر بیرۆکە پاشەکەوت دەکات، کاتێك کە کۆمپیوتەر نکوژێنیەوە و جارێکی دیکە هەڵی کەیتەوە هەموو شتەکان لە جاری پێشووەوە دەست پێدەکەنەوە.

19: دامەزراندنی IIS.

IIS کە کورتکراوەی Internet Information Services, ئامرازێکی بواری ڕایەڵەیە لە ویندۆز دا، کە دەتوانرێ ڕاژەکارێکی چاکی وێبی لەگەڵ دا دروست بکرێت.

لە کۆتایی ئەو بەشەدا Next کرتە بکە.

General 2/2 شتێ پێویست و گرنگی تێدا نیە.




له هەنگاوی داهاتوودا دەتوانی هەندێك زانیاری سەبارەت به بەكارهێنەری كۆمپیوتەر بنووسی، وەك ناو به تەواوی و وشەی تێپەڕبوون و هتد ..بۆ بەردەوامبوون Next كرتە بكە.



لە بەشی Display دا دەتوانی چۆنیەتی بوونی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت پاش دامەزراندنەوەی ویندۆز هەڵبژێریت.
Next کرتە بکە بۆ بەردەوامبوون.
بەشی Patches.




لەم بەشەدا دەتوانی هەندیک گۆڕانکاری بکەیت کە پاسان لە Registery ویندۆز دا پاشەکەوت دەبێ.
20: زۆرترین پەیوەندی لە یەک کاتدا.
21: خێراکردنی نرخی بەنەرمی کارکردنی مشکەکانی Optic، بۆ ئەو جۆرانە کار دەکات کە لە بەشەکە ناویان براوە.
22: چالاک کردنی بەکاربردنی Theme ـەی دەرەکەی، لەوانەی کە ویندۆز خۆی هەیەتی.
23: ناچالاک کردنی تایبەتمەندی گەڕاندنەوەی بە بێ پرسی پەرگەکانی سیستەم لە پەرگەیەکی پاڵپشتەوە.
پاش Next کرتە کردن، بەشی گۆڕانکاری کردن دەکرێتەوە.




21: گۆڕینی ناوی ئاسایی بەڕێوەبەر كە Administrator ـە.
25: هەڵكردنی كۆمپیوتەر شێوەی كلاسیكی هەبێت، بۆ نموونە وەك ویندۆز ٢٠٠٠.
26: دووبارە پەستانەوەی پەڕگەی Driver.CAB.
پەڕگەی Driver.CAB بە هەزاران زانیاری سەبارەت بە وەگەڕخەر و پرۆگرامە ناسراوەكان هەیە، كە لە هەموونی ویندۆز دا پێویستە ئەو پەڕگەیەش هەبێت. واتە دەتوانی جارێكی دیكە پاش دامەزراندنەوەی ویندۆز بیپەستێنیتەوە بۆ ئەوەی قەبارەی كەمتر داگیر بكات.
26: ناچالاك كردنی پەیامی " پەنجە بنێ بە كلیلێك دا بۆ دەست پێكردنی دامەزراندنی ویندۆز لە كاتی بووت كردن لە سیدیەوە".
27: دانانی OEM Logo.
ئەو OEM Logo ـەیە، لە ژێر تایبەتمەندیەكانی كۆمیوتەرەوە واتە لە My Computer Properties دا دەردەكەوێت. لە داهاتوودا لە وانەیەكی سەربەخۆدا شیدەكەمەوە.
بەشی Tweaks.




لەو بەشە دا دەتوانی گۆرانکاری بچووك و گرنگ بکەیت کە لە کاری ویندۆزەکە چاکتر دەکات.
Next کرتە بکە.
پەیامێکت بۆ دێت کە دەپرسێ، ئایا دەتەوێ دەست بکەیت بە جێگیرکرنی گۆڕانکاریەکان؟ بەڵی واتە Yes کرتە بکە.
بەو شێوەیە جێگیرکردنی گۆرانکاریەکان لەسەر ویندۆزەکە دەست پێدەکات.




پاشان پیشانی دەدات کە قەبارەی کۆتایی ویندۆزەکە پێش سووتاندنە سەر سی‌دی چەندە.




Next کرتە بکە.

لە خانەی ISO Label دا ناوێك یان پێناسەیەكی دوو وشەیی بۆ ویندۆزەكەت بنووسە، بۆ نموونە WinXPEng+SP2.




لە كۆتاییدا Make ISO كرتە بكە و لە شوێنێك دا پاشەكەوتی بكە.



لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەبینی کە سی‌دی ویندۆزت دروست کرد لە گەڵ Service Pack ـەکان، و نوێکاریەکانی دواتر، هەروەها وەگەڕخەرەکانی کۆمپیوتەرەکەشت تێکەڵاوی ئەو ویندۆزە کرد.




لە کۆتاییدا FinisH کرتە بکە.
ئەگەر بەو شێوەیە لەسەر سی‌دیەکەت ڕازی بیت، دەتوانی وەك لە بەشی خوارەمی ئەم بابەتە شیکراوەتەوە، دەتوانی پەرگەکەت واتە ISO، بسووتێنی و سی‌دیەکی Bootable دروست بکەیت.

دروستکردنی سی‌دی Bootable لە پرۆگرامی نێرۆ دا.
کۆتایی بەشی دووەم.
بەشی سێیەم بریتی دەبێ لە تێکەڵاوکردنی هەندێك پرۆگرام لەگەڵ ئەو سی‌دیەی ویندۆز.
-----
بەشی یەکەم.
-----

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت